## سێهەم: مەبەست چی یە لە جەماعەت؟[1]

جەماعەت لەزمانەوانیدا بریتی یە لە کۆمەڵێك یان دەستەیەك لە خەڵکی کەوا کۆك و یەکدەنگ بن لەگەڵ یەکتریدا، جا بۆیە وتراوە (الإجماع) واتە یەك دەنگی زانایان.

بەڵام لەشەرعدا، **جەماعەت بریتی یە لەو کۆمەڵەی دەستیان گرتووە بەقورئان و سوننەوە بەتێگەیشتنی سەلەف**، بەم پێناسەیەش جەماعەت تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە شوێنکەوتووی ڕێبازی ئەهلی سوننە و سەلەفن.

*شێخ (موسى آل نصر) لە پێناسەی جەماعەتدا دەفەرموێت: ( الجماعة: هم الذين اجتمعوا على العمل بالكتاب والسنة، وعلى طاعة أمرائهم وأئمتهم بالمعروف، وهى صفة لازمة لأهل السنة ) "المقدمة الرشيدة في علم العقيدة" (ص٢٥)

واتە( جەماعەت بریتی یە لەوانەی کۆبوونەتەوە لەسەر کردەوەکردن بەقورئان و سوننە، وە لەسەر گوێڕایەڵی کردنی پێشەوا و کاربەدەستەکانیان لەکاری چاکەدا، کە ئەمەش سیفاتێکە پەیوەستە بەئەهلی سوننەوە)

* شێخ (خليل الهراس) لەپێناسەی جەماعەتدا دەفەرموێت : (سلف هذه الأمة من الصحابة و التابعين الذين اجتمعوا على الحق الصريح من كتاب الله وسنة رسوله ﷺ) "شرح الواسطية"(ص١٦)

واتە: ( جەماعەت بریتی یە لە پێشینی ئەم ئوممەتە لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان، ئەوانەی کۆبوونەتەوە لەسەر حەقێکی ڕوون کە پەرتوکەکەی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ)

---

[1] ئەم بابەتە بەشێکی زۆری وەرگیراوە لە پەرتووکی " مەشخەڵی ڕێبازی سەلەف"، داواکارم لە خودای گەورە کە یارمەتیم بدات بۆ تەواوکردنی.

کەوابوو ئەوەی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی لەسەربووە ئەوە بریتی یە لە حەق و ڕاستی، وە پێویستە هەمووما‌ن ڕێبازی ئەوان بگرینەبەر و شوێنکەوتوی ڕێگای ئەوان بین، وە هەرکەسێك یان هەر کۆمەڵێك دوای ئەوان هاتبێت پاشان شوێنکەوتەی قورئان و سوننەت بێت بەتێگەیشتنی سەلەف، ئەوە ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵە بە جەماعەت دادەنرێت و پێ ی دەوترێت: ( ئەهلی سوننە و جەماعەت)

هەربۆیە زۆر جار ووشەی جەماعەت لەگەڵ سوننەتدا بەکارهێنراوە وەکو دەوترێت ئەهلی سوننە و جەماعەت، **ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵە بەجەماعەت دادەنرێت کە لەسەر سوننەتی پێغەمبەر بێتﷺ بەتێگەیشتنی سەلەف،** لەڕاستی دا ئەمە خاڵی سەرەکی یە ، وە بەم خاڵەش دەتوانین حوکم بدەین بەسەر هەموو گروپێکدا بەوەی ئەهلی سوننەیە یان نا.

حزبە ئیسلامیە تازە دروست بووەکانی ئەم سەردەمە بە جەماعەت دانانرێن، چونکە لەسەر قورئان و سوننە کۆنەبوونەتەوە و بەرنامەیان بریتی نیە لە قورئان وسوننە بەتێگەیشتنی سەلەف، بەڵکو کۆبونەتەوە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە سەرکردەکانیان یان سەرکردایەتی حزب داینـاوە، بەشێوەیەك هەرکەسێك شوێنیان بکەوێت ئەوە بەدۆست و لایەنگری خۆیانی دەزانن، ئەگەر چی ئەو کەسەش لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خوداﷺ نەبێت، لەگەڵ بوونی دەمارگیری کوێرانە و بەیعەتدان بەسەرۆك حزبەکان و خۆشەویستی و ڕق لێ بوون لە چوارچێوەی حزبدا ، وە چەندها سەرپێچی تر کە لەگەڵ شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا ناگونجێت.

بەم شێوەیە ئەم حزبانەی ئەمڕۆ بەکۆمەڵ و جەماعەتی شەرعی ناژمێردرێن، چونکە ڕێبازیان قورئان و سوننەت نیە بەتێگەیشتنی سەلەف، لەگەڵ ئەوەشدا تەفرەقەیان کردوەتە نێوان موسوڵمانانەوە و خۆیان جیاکردۆتەوە لەکۆمەڵی موسوڵمانان، کەوابوو جەماعەت بریتی یە لە کۆبوونەوەی موسوڵمانان لەسەر

قورئان و سوننە بەتێگەیشتنی سەلەف، بەلاّم حزبایەتی و تەفرەقەنانەوە لەنێو موسولّماناندا خەلّکی لە قورئان و سوننەت دوور دەخاتەوە و پەرتەوازەیان دەکات، ئەگەر چی خۆیان پێی بلّێن جەماعەت ، چونکە هەر ئەوە مەرج نیە خەلّکی کۆبکەیتەوە ئیتر وابزانیت هەر خۆت جەماعەتی، بەلّکو ئەوە گرنگە ئایا لەسەر چی کۆیان دەکەیتەوە، لەسەر بنەمای ئیسلامی ڕاستەقینە یان لەسەر بنەمای حزب؟

*ئیمامی (الشاطبی)-ڕەحمەتی خودای لیّ بێت — دەفەرموێت : (الإجتماع على غير السنة خارج عن معنى الجماعة المذكورة فى الأحاديث) (الإعتصام ج٢ ص٢٦٥)

واتە:( **کۆبوونەوە لەسەر غەیری سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەردەچێت لەمانای ئەو جەماعەتەی کە لەفەرموودەکاندا باس کراوە)**

* (شيخ الإسلام ابن تيمية)-ڕەحمەتی خودای لیّ بێت — دەفەرموێت : (فإن السنة مقرونة بالجماعة كما أن البدعة مقرونة بالفرقة **فيقال**: أهل السنة والجماعة، كما **يقال**: أهل البدعة و الفرقة) "الإستقامة ٤٢/١"

واتە: ((سوننەت پەیوەستە بەجەماعەتەوە وەکو چۆن بیدعە پەیوەستە بەتەفرەقەوە، دەوترێ : ئەهلی سوننەو جەماعەت وەکو چۆن دەوترێ: ئەهلی بیدعە و تەفرەقە)).

* شێخ (صالح الفوزان) —خودا بیپارێزێت— دەفەرموێت: (إن الجماعة التى يجب الإنضمام إليها والسير معها والعمل معها هى جماعة أهل السنة التى تسيرعلى ما كان عليه الرسول ﷺ وأصحابه، أما ما خالفها فإنه يجب أن نتبرَّأ منها)

واتە: (( ئەو کۆمەڵەی پێویستە لەگەڵیان بین و لەگەڵیاندا بڕۆین و کاریان لەگەڵدا ئەنجام بدەین بریتی یە لەکۆمەڵی (ئەهلی سوننە)، کە لەسەر ئەو ڕێبازە دەڕۆن کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لەسەری بوونە، **بەلاّم ئەوانەی پێچەوانەی ئەم ڕێبازەن ئەوە پێویستە خۆمانی لیّ بەدوور بگرین))**

* شێخ (سليم الهلالي) -خودا بیپارێزێت- دەفەرموێت: (إن الجماعة لاتكون إلابالسنة، فلا يمكن أن تجمع الكلمة إلا بسنة النبى ﷺ وإلا بمنهج رسول الله ﷺ، فمن أراد الجماعة أو من أراد إجتماع الكلمة بغير السنة فهو يعمل على تفريق الأمة، **ولذلك فالحزبية تفرّق الأمة**، لايكن أن يجتمع شمل الأمة على الحزبية، وإنما مذهب الحزبيين كمذهب أبى النواس:

وداون بالتى كانت هى الداء

ارادوا إجتماع شمل الأمة فزادوها تفرقاً و زادوها تشتتاً، فإنشاء حزبٍ جديد فى الأمة يعنى أن تزداد الأمة تفرقاً وتزداد تشتتاً وتزداد إبتعاداً عن سنة النبى ﷺ....) "شرح أصول السنة للإمام أحمد رحمه الله" " الدرس الأول"[1]

**واتە: (( کۆمەڵ و جەماعەتی شەرعی دروست نابێت تەنها لەسەر سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرﷺ نەبێت، وە ناتوانرێت یەك کۆمەڵی موسوڵمانان بەدیبهێنرێت تەنها لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرﷺ نەبێت، هەرکەسێك دەیەوێت یەك کۆمەڵی بهێنێتە دی بەبێ سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەرﷺ، ئەوە ئەو کەسە لەڕاستی دا کاردەکات بۆ پارچە پارچە کردنی ئیسلام، جا لەبەر ئەمە حزبایەتی ئوممەتی ئیسلام پارچە پارچە دەکات، بەهیچ شێوەیەك مومکین نیە شیرازەی ئەم ئوممەتە کۆببێتەوە لەسەر حزبایەتی، بەڵکو بۆچوونی حزبیەکان وەکو بۆچونی (ئەبو نەواس) وایە کە ووتویەتی: (چارەسەرم بکە بەوەی خۆی نەخۆشیە)، حزبیەکان ویستیان شیرازەی ئوممەت یەك خەن بەڵام زیاتر پارچە پارچەیان کرد و زیاتر پەرتەوازەیان کرد، بۆیە دامەزراندن و داهێنانی حزبێکی تازە لەنێوان موسوڵماناندا واتە ئوممەتی ئیسلام زیاتر پارچە پارچە ببێت و زیاتر پەرتەوازە ببێت و زیاتر دوور بکەوێتەوە لە سوننەتی پێغەمبەرﷺ)).**

---

[1] وەرگیراوە لە " فەتوای گەورە زانایان سەبارەت بەڕوون کردنەوەی حوکمی حیزبایەتی " ص١٢ نووسینی مامۆستا محمد عبدالرحمن.

کەوابوو ئەوەی حزبیەکانی ئەمڕۆ دەیکەن لەوەی هەر ڕۆژێك بەناوێکەوە دێنە گۆڕەپانی بانگەوازەکە و هەر ڕۆژێك لە سەر پەتێك یاری دەکەن، ئەم کارانە بەجەماعەت و کاری بەکۆمەڵ دانانرێت، بەڵکو لە ڕاستیدا تەفرەقە و پارچە پارچەکردنی موسڵمانانە، بەڵکو بە تەنها شوێنکەوتوانی ڕێبازی سەلەف بەجەماعەتێکی شەرعی دادەنرێن، ئەوانەی بەڕاستی دەستیان گرتووە بەقورئان و سوننەوە و دوورن لە ناکۆکی و دابەشبوون و تەفرەقە، وە بە بەردەوام لەهەموو سەردەمێکدا یەك دەنگ و یەك کۆمەڵن لەسەر ڕێبازی قورئان و سوننەت بەتێگەیشتنی سەلەف.

لە ڕاستیدا وشەی (جەماعەت) کە لە فەرموودەکاندا هاتووە زانایان بە چوار مانا تەفسیریان کردووە:

**مانای یەکەم:** جەماعەت بریتی یە لە کۆمەڵی زانایان، واتە دەبێت ئێمە لەگەڵ زانایانی ئەهلی سوننە بین لەبەر ئەوەی خودای گەورە کردوونی بەشایەت و حوجە بەسەر خەڵکیەوە و پێویستە خەڵکی شوێنی ئەوان بکەون.

**ئەمەش بیروڕای زۆرێك لە زانایانە لەوانە:** ((البخاري، الترمذي، ابن المبارك، ابن راهويه،ابن سنان و غيرهم))

* **ئیمامی بوخاری– ڕەحمەتی خودای لێ بێت – دەفەرموێت:** (أمر النبيﷺ بلزوم الجماعة، وهم أهل العلم)

**واتە: ((پێغەمبەری خوداﷺ فەرمانی کردوە بەوەی پەیوەست بین بەجەماعەتەوە کە بریتیە لەکۆمەڵی زانایان))** "البخارى (٣١٦/١٣) مع الفتح"

***ئیمامی** (الترمذي) **دەفەرموێت:** ( وتفسير الجماعة عند أهل العلم: هم أهل الفقه والعلم و الحديث)

**واتە: ((تەفسیر و مانای جەماعەت لای زانایان بریتی یە لە: زانایانی فیقە و زانستی شەرعی و فەرموودە))**

* (إسحاق بن راهويـــة) دەفـەرموێت: (الجماعـة عـالم متمـسك بـأثر الـنبي ﷺ وطريقته، فمن كان معه وتبعه فهو الجماعة فمن خـالف فيـه تـرك الجماعـة) "حليـة الأولياء" (٩/٢٣٨-٢٣٩)

واتـە: (( جەماعـەت بريتـی يـە لـەو زانايـەی دەسـتی گرتـووە بـە ڕێبـاز و ڕێگـای پێغەمبـەرەوە ﷺ، وە هەركەسـێك لەگـەڵ ئـەودابێت و شـوێنی بكـەوێت ئـەوە بەجەماعـەت دەژمێررێـت، وە هەركەسـێكيش سەرپێـچی بكـات ئـەوە دەسـتی بەرداوە لە جەماعەتی موسوڵمانان ))

*پرسيار كرا لە (ابن المبارك) كەوا جەماعەت كێ يە؟

فەرمووی: (( أبوبكر و عمر))ـە، وتيان: ئەبوبكر و عمر مردوون، فەرمووی: فـڵان و فڵانە، وتيان: ئەوانەش مردوون، فـەرمووی: "أبوحمزة السكري" جەماعەتـە)). "الجامع الصحيح" (٤/٤٦٧)

* عبداللەی كوڕی سنان لەپێناسەی جەماعەتدا دەفەرموێت بريتـی يـە لـە: (أهـل العلم وأصحاب الأثار) "شرف أصحاب الحديث" (ص٢٦/٢٧)

واتە:((خاوەن زانست و شوێنكەوتوانی فەرموودە جەماعەتن))

**سـودێك: سـەير لەوەدايـە حزبـەكانی ئـەمڕۆ هەريەكـەيان خـۆی بەجەماعـەت دەزانێت، لەكاتێكدا هيچ حزبێك لەم حزبانە زانايەكيان تێدا بەدی ناكرێت، كـە زانـا بێت بەقورئان و سوننە بـە پـێی تێگەيـشتنی سـەلەف، ڕەحمـەتی خـوا لـە شـێخ ئـەلبانی بێـت كـە دەربـارەی كۆمـەڵی ئيخـوان موسـلمين "الإخـــوان المـــسلمين" دەفەرموێت: ( **لاتجـد عنـد إخـوان المسلمين عـالمٌ الـذی يـوجههم و يـربهم علـی الكتـاب والسنة**) "بڕوانە فەتوای ژمارە(٤٨) لەم پەرتووكەدا"

واتـە:(( **نـابينرێن لـەنێو ئيخـوان موسـلميندا زانايـەك كـە سەرمەشـقيان بێـت و پەروەردەيان بكات لەسەر قورئـان و سوننە**))

هەروەها دەربارەی کۆمەڵی تەبلیغ (( جماعة التبليغ)) دەفەرموێت: ( **جماعة التبليغ أحسن من فيهم لايعرف يصلي صلاة الرسول**ﷺ) "بڕوانە فەتوای ژمارە (٥٣) لەم پەرتووکەدا"

واتە: ((**کۆمەڵی تەبلیغ باشترین کەس لە ناویاندا نازانێت نوێژ بکات وەکو نوێژی پێغەمبەر** ﷺ))

نەبوونی زانای شارەزا بەقورئان و سوننە لە هەرکۆمەڵێکدا ئەوە پێناسەی خراپی ئەو کۆمەڵەیە، هەر بۆیە (ابن عباس) خوا لێ ی ڕازی بێت کاتێك چووە ناو خەواریجەکان بۆئەوەی ئامۆژگاریان بکات فەرمووی:

(جئتكم من عند أصحاب رسول الله ﷺ، وليس فيكم منهم أحد، ومن عند ابن عم رسول الله ﷺ، وعليهم نزل القرآن، وهم أعلم بتأويله )"جامع البيان العلم" (١٢٧/٢)

واتە:((من لای صەحابەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووم، وە ئێوەی (خەوارج) کەسی لەوانتان تێدا نیە، من لای کوڕی مامی پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووم[1]، وە قورئان بەسەر ئەواندا دابەزیوە و ئەوان شارەزاترن بەتەفسیر و ماناکانی))

هەر بۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: ( إن الله لا يقبض العلم انتزاعاً ينتزعه من الناس ولكن يقبض العلم بقبض العلماء حتى إذا لم يبق عالماً اتخذ الناس رؤوسا جهالاً فسئلوا فأفتوا بغير علمٍ فضلّوا وأضلّوا)[2]

واتە: (خودای گەورە عیلم و زانست هەڵناگرێتەوە بەدەرهێنانی لەناو سنگی خەڵکیدا، بەڵکو عیلم و زانست هەڵدەگرێت بەمردنی زانایان هەتاوەکو زانا نامێنێت، ئەو کاتە خەڵکی کەسانێکی نەزان دەکەن بە پێشەوا، وە ئەو نەزانانەش پرسیاریان لێ دەکرێت و ئەوانیش بەبێ عیلم و زانست فەتوا دەدەن بۆ خەڵکی، ئەوکاتە هەم خۆیان گومڕا دەبن، هەم خەڵکیش گومڕا دەکەن)

---

[1] مەبەست عەلی کوڕی ئەبی تالیبە –ڕەزای خودای لێ بێت–

[2] صحيح البخاري رقم (١٠٠) و مسلم رقم (٢٦٧٣).

**مانای دووەم:** جەماعەت بریتی یە لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ، چونکە ئەوان کۆك و یەك دەنگ بوون، وە دوور بوون لە دابەشبوون و گومڕای، هەربۆیە لەفەرموودەکانی پێغەمبەرداﷺ فەرمانمان پێکراوە بەوەی دەست بگرین بەڕێبازی هاوەڵانەوە ﭫ، وەکو پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت: (علیکم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين)، هەروەها دەربارەی کۆمەڵی ڕزگاربوو فەرمووی ئەوانەن کە لەسەر ئەو بەرنامەیەن من و هاوەڵانمی لەسەرە (ما أنا عليه اليوم وأصحابي).

ئەمەش بیروڕای عومەری کوڕی عبدالعزیز و کۆمەڵێکی ترە لەزانایان.

**مانای سێهەم:** جەماعەت بریتی یە لەجەماعەتی موسوڵمانان کە بەیعەتیان داوە بە ئەمیری موسوڵمانان، لێرەدا پێغەمبەری خواﷺ فەرمانی کردوە بەوەی گوێڕایەڵی پێشەوای موسوڵمانان بکەین لەکاری چاکەدا و دووربین لە دابەشبوون و دووبەرەکی، وە هەرکەسێك ئەو بەیعەتە بشکێنێت ئەوە دەرچووە لە جەماعەت و کۆمەڵی موسوڵمانان.

ئەمەش بیروڕای ئیمامی (طبري) یە، وەك دەفەرموێت: ( والصواب أن المراد من الخبر لزوم الجماعة، الذين في طاعة من اجتمعوا على تأميره فمن نكث بيعته خرج عن الجماعة، وفي الحديث: **أنه متى لم يكن للناس إمام فافترق الناس أحزاباً فلا يتبع أحداً في الفرقة ويعتزل الجميع إن إستطاع ذلك خشية من الوقوع في الشر**)
"فتح الباري"(١٣/٣٧)

واتە: ( ڕاست ئەوەیە: مەبەست بەم فەرموودەیە پەیوەست بوونە بەکۆمەڵی موسوڵمانانەوە، کە لە گوێڕایەڵی ئەوکەسەدان کە بەیەك دەنگی کۆبونەتەوە لەوەی ببێت بەئەمیریان، وە هەرکەسێك بەیعەتەکە هەڵوەشێنێتەوە ئەوە دەرچووە لە (کۆمەڵی موسوڵمانان)، **ئەم فەرموودەیە ئەوەی لێ وەردەگیرێت : کە هەرکاتێك خەڵکی پێشەوایان نەبوو، وە دابەش بووبوون بۆ چەند حزبێك، ئەوە لەو کاتەدا نابێت هیچ کەس شوێنی ئەو پارچەگەرێتی و تەفرەقەیە بکەوێت،**

**بەڵکو ئەگەر توانرا دەبێت خۆت لە هەموویان بەدوور بگریت ، لەترسی کەوتنە ناو شەڕ و خراپەوە )**

**مانای چوارەم:** هەندێکی تر لەزانایان وتویانە مەبەست لە جەماعەت ئەوەیە شوێنی حەق بکەویت و پەیوەست بیت بە ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلامەوە، وەکو عبداللەی کوڕی مسعود رضي الله عنه دەفەرموێت: (الجماعة ماوافق الحق وإن كنت وحدك) "الباعث لأبي شامة ص٢"

واتە: ((جەماعەت بریتی یە لەوەی لەسەر حەق و ئیسلامی ڕاستەقینە بیت **ئەگەر چی بەتەنها هەرخۆتیش بیت**)).

ئەمەش بیروڕای (أبو شامة)یە وەك دەفەرموێت: ( حيث جاء الأمر بلزوم الجماعة فالمراد به لزوم الحق واتباعه، **وإن كان المتمسك بالحق قليلاً و المخالف كثيراً، لأن الحق الذي كان عليه الجماعة الأولى من النبي ﷺ وأصحابه رضي الله عنهم، ولا نظر إلى كثرة أهل الباطل بعدهم** ) "الباعث لأبي شامة ص١٩"

واتە: ((فەرمان هاتووە لە خودا و پێغەمبەرەوە ﷺ بە پەیوەست بوون بە جەماعەتەوە، لە ڕاستیدا مەبەست پێی پەیوەست بوون بە حەق و شوێنکەوتنی حەقە، ، ئەگەر چی ئەوانەی دەستیان گرتووە بە حەقەوە کەم بن و نەیارەکانیان زۆر بن ، **لەبەر ئەوەی حەق و ڕاستی ئەوەیە کە کۆمەڵی یەکەمی موسڵمانانی لەسەر بووە ، لە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ، وە تێڕوانین نیە بۆ ڕێبازی ئەهلی باتڵ( ئەهلی بیدعە ) دوای ئەوان))**

**هەموو ئەم بیروڕایانە ماناکانیان نزیکە لەیەکترییەوە، وە جیاوازیەکە تەنها جیاوازی هەمەجۆرە نەك جیاوازی دژیەك، وە ئەوەش بزانین تەنهاو تەنها ( سەلەفیەکان = شوێنکەوتوانی ڕێبازی سەلەف ) بریتین لە جەماعەت بە هەر مانایەك لەماناکانی پێشوو ،لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

١–چونكە سەلەفیەكان تەنها كۆمەڵن شوێنكەوتوی ڕاستەقینەن بۆ وتەی زانایان و خاوەن عیلمەكان، وە لەئیجماع و یەك دەنگی زانایان دەرناچن.(مانای یەكەم).
٢–سەلەفیەكان پێشەوا و مامۆستایان بریتی یە لە هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ و ڕێگەی ئەوان هەڵدەگرن و پەیوەستن بەڕێبازی ئەوانەوە. (مانای دووەم).
٣–سەلەفیەكان باشترین كۆمەڵن كە سوورن لەسەر یەك دەنگی موسوڵمانان و گوێڕایەڵی كردنی پێشەوای موسوڵمانان لەكاری چاكەدا. (مانای سیٚ یەم).
٤–سەلەفیەكان بەردەوام دەستیان گرتووە بەحەقەوە لەهەموو كات و شوێنێكدا ئەگەر چی زۆرێك لەخەڵكی دژایەتیان بكەن. (مانای چوارەم).
هەر بۆیە شێخ (محمد باكريم) ئیشارەت بەم ڕاستیە دەكات و دەفەرمووێت:
(فأهل السنة يرون أتباع الأئمة من أهل العلم و الدين ولا يخروجون عن إجماعهم كما أن قدوتهم أصحاب رسول الله ﷺ، يهتدون بهديهم ويلزمون آثارهم، وهم أيضاً أعظم الطوائف حرصاً على جماعة المسلمين، وطاعة إمام المسلمين القائم بالعلم والدين، ولايرون الخروج عليه مالم يروا كفراً بواحاً لديهم من الله فيه برهان. وقبل ذلك وبعده فهم ينظرون إلى الحق و الصواب يتلمسون فيلزمونه ويتمسكون به، وإن كان أكثر الناس على خلافه) "وسطية أهل السنة بين الفرق" ص٩٥.

واتە: ((ئەهلی سوننە شوێنكەوتووی پێشەوایانی خاوەن زانست و ئاینن، وە لەیەك دەنگی و ئیجماعی ئەوان دەرناچن، وەكو چۆن مامۆستا و ڕابەریان بریتی یە لەهاوەڵانی پێغەمبەرﷺ، وە ڕێگای ئەوان هەڵدەگرن و پەیوەستن بەڕێبازی ئەوانەوە، هەروەها باشترین كۆمەڵن سوورن لەسەر یەك كۆمەڵی موسوڵمانان و گوێڕایەڵی كردنی پێشەوای موسوڵمانان ، وە لەژێر فەرمانڕەوای پێشەوای موسڵمانان دەرناچن تاوەكو كوفرێكی ڕوونی لیٚ نەبینن كە ببێت بەبەڵگە بەدەستیانەوە لای خوای گەورە بۆ هۆكاری دەرچونیان لە ژێر فەرمانڕەوای ئەودا.

وە پێش ئەمەو دوای ئەمەش ئەهلی سوننە دەڕواننە حەق و ڕاستی و هەستی پێ دەکەن پاشان دەستەبەری دەبن و دەستی پێوەدەگرن، ئەگەر چی زۆرێك لە خەڵکی لەسەر حەق و ڕێگای ڕاست نەبن))

**کەوابوو ئەم حزبانەی ئەمڕۆ ناچنە نێو مانای جەماعەت و کاری بەکۆمەڵەوە، بەڵکو بەحەفتاو دوو فیرەقە گومڕابووەکە دادەنرێن، چونکە ڕێبازیان بریتی نیە لە ڕێبازی ئەهلی سوننە و شوێنکەوتووی ڕێبازی سەلەف نین.**

بۆ زیاتر شارەزا بوون لێرەدا ڕێباز و مەنهەجیان ڕوون دەکەینەوە: